# پەرلەمانی کوردستان
# یا پێچی حەمەتاڵی بانە!

***حەمەغەفور***

قسەکانی کەمال کەرکوکی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دەربارەی کێشەی شاری کەرکوك لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ بڵاوکراوەی (هەولێر پۆست)دا، بەتایبەت ئەو لێدوانەی کە لە وەڵامی ڕەخنە وناڕەزایەتی نووسەراندا داویەتی ودەڵێ:"***هەندێ هەن بەناوی نووسەرەوە هەوڵی لەکەدارکردنی سومعەی پەرلەمان وحکومەت دەدەن کە ئەمانە نەك نووسەر نین بگرە داردەستی بێگانەو دوژمنانن، چونکە لەم ماوەیەی ڕابردوودا لە یەکێك لە وڵاتە دراوسێکاندا لە کۆڕێکدا گوتبویان ناتوانین بەهێزەوە بچینە باکوری عێراق بەڵام دەتوانین لەریگەی هەندێ کەسانی خۆیانەوە پەرلەمان وحکومەتەکەیان لەبەر چاوی خەڵکەکەیان ناشرین بکەین، بۆیە داوا لە خەڵك دەکەم ئاگاداری ئەو جۆرە کەسانە بن کە لە ڕێگەی نووسینەکانیانەوە ژەهر دەرژێنن. ئەوانە دەستێك لە پشتیانەوەیە بۆ ئەوەی ئەم ئەزموونە لە پێش چاوی خەڵك ناشیرین بکەن***" بەرلەوەی گوێگری بۆ پەیدابێ، بێچاوڕوویی وبێدەربایسیی سەران ولێپرسراوانی دوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان دەردەخات سەبارەت بە کێشە ومەسەلە و چارەنووسی خەڵکی کوردستان بەگشتی وشاری کەرکوك بەتایبەت، لە هەمانکاتیشدا سووکایەتیکردنە بە ئازادی بیروڕاو قەڵەم وە تەحەمولنەکردنی دەربڕینی بیروباوەڕی ئازادو جیاوازە. لەوەش قەباعەتتر شێوازی مامەڵەیان لەگەڵ ڕەخنەو نیشاندانی ڕوخساری واقعی خۆیان وحکومەت وپەرلەمانەکەیان لەلایەن نووسەران وموخالیفانی سیاسییانەوە، زیاتر لە چەقۆکێشێك دەچێت نەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان یاخود سیاسەتمەدارێك! ئا ئەمەیە ئەزموونی دیموکراسی ناسیونالیزمی کورد! چونکە هەرکەس ئەو شتەی کە ئەمانە خۆیان پێیدەڵێن پەرلەمان وحکومەت، بەڵام لە واقعدا لە پێچی حەمەتاڵی بانە بەولاوەتر نییە بۆ ڕاووڕووت وگەندەڵی ولووشدانی تەواوی سەروەت وداهاتی ئەم وڵاتە لەلایەن سەرانی بزووتنەوەی کوردایەتیەوە، ڕەخنەلێبگرێت وبیخاتە ژێر ووردبینەوە، ئیتر دەستی دوژمن وبێگانەی لەپشتە! ئەمە خێڵەکیترین وناشایستەترین ونامەسئولانەترین شێوازی مامەڵەیە لەگەڵ کۆمەڵگاو پێکهاتەو ڕیشاڵ وجەمسەرە ئینسانییەکانیدا!

پەرلەمان وحکومەتێك کە جەنابی کەمال کەرکوکی وئەمسالی ئەو وسەرەوەشیان بە کەماڵی ئیسراحەت تیایدا حەساوەنەتەوە وبەمرادگەیشتوون، بۆ خەڵکی کوردستان لە پێچێکی چەتەگەریی وگوزەرێکی چەقۆکیشیی بەولاوەتر نییە! 15ساڵە ئێستاشی لەسەر بێت ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییەی لەسەر سنگی زوڵم وستەمێك کە لەلایەن شۆڤێنیزمی عەرەبییەوە لە خەڵکی ئەم کوردستانە چووە قووتتانکردۆتەوە، نەك هیچ شەرعییەتێکی

نێودەوڵەتی نەبووەو نییەو نەماوە، بەڵکو شەرعییەتی کردۆتە پەندی زەمانە وخودی خۆتان چەند جار ڕیسواتانکردووە، یاساکانی ڕژێمی بەعستان تیایدا پیادەکردووە. بە هەمان شێوازی بەعسییەکان بە ملهوڕی وچەقۆکیشیتان سەروەت وسامانتان کەڵەکەکردووە، بە هەمان شێوەی بەعسییەکان لەگەڵ خەڵکی کوردستان جووڵاونەتەوەو وەڵامی خواست وداواکاریەکانتان داونەتەوە. دەستتان چۆتە خوێنی "هاوزمانەکانتانەوە"ونەك هەر ئەمەش بەڵکو خەڵکەکەیتان لە وڵاتی خۆیاندا ئاوارەو دەربەدەر کردووە. لەکاتێکدا کەسانی وەکو کەمال کەرکوکی لە شاری کەرکوکدا بە ئاشکرا باوەشێنی فاشیزمێکی کوردی دەکات وهەڕەشەی قەتڵیعامی غەیرەکورد دەکات، کەچی "هاوزمانەکانی" خۆی لەناو خانوی تەنەکەو کەلاوەکاندا دەژین، بەداخەوە هێشتاش دەتوانێ بەبێ بناغەو بەبێ بەڵگەودەلیل نووسەر وقەڵەمبەدەستان وئازادیخوازان بە جاسوس وسیخوڕ ناوزەدبکات. خەڵکی کەرکوك بە گشتی وکوردەکانی ئەم شارە بە تایبەت نابێت قسەی چەقۆکێشێکی وەکو کەمال کەرکوکی فریوییانبدات. کەمال وئاغاکانی سەرەوەی خۆیان مەلەفەکانیان ئاشکرابوو کە کام دەستیان لەپشت بوو! دەرکەوت کە داردەستی ڕژێمی بەعس بوون. ئێستا نابێت ڕێگایان بدرێت بەناوی ئەوانەوە لێدوانی ژاراوی وبێ ئەساس بدەن. کەمال کەرکوکی تەنها هەر بەم هۆیەوە کە ئەم لێدوانەی لە دژی نووسەران داوە دەبێت نەك هەر هیچ لێپرسراوێتییەکی پێنەدرێت، بەڵکو دەبێت بە تۆمەتی بانگەشە بۆ نانەوەی ئاگری شەڕی قەومی لە شاری کەرکوکدا بدرێتە دادگا. جێگری سەرۆکی پەرلەمانێك ڕێگا بەخۆی بدات بەم شێوازە قەرەقۆشییە لەگەڵ ڕووناکبیران وموخالیفاندا مامەڵەبکات، دیارە حکومەت وپەرلەمانەکەشی کام خێر وخۆشی بۆ خەڵکی شاری کەرکوك بە دیاری دێنێت! ئەم حوکمە قەرەقۆشیانەی کەمال کەرکوکی ومەلابەختیار ونێچیرەوان بەرزانی، جیگاپێی بەعسییەکان لە کوردستان تۆخدەکەنەوەو بەر لە هەر شتێك خەڵکی کەرکوك دەبنە قوربانی!

2006-6-15